# نەسرەوتن

ئیبراهیم مێهماندوست
mehmandoost58@yahoo.com

به چەکی پێنووس له پەنای هەتاو بۆ کورد شەڕ دەکەم
به گوللەی وشه گوێی دڵی دوژمن کاس و کەڕ دەکەم
لەم دەریا لێڵە چون شەپۆل رامی هەوری رەشاویه
هەنیسکی شێعرم به سەفحەی مێژووی رۆژگار وەر دەکەم
یاری شەو نابم هەرچەندە رۆژم به دیل گیراوه
ساتێ ناسرەوم گەر سارێژ نەبێ زامی دەردەکەم
له جەستەمدا نیه هەلۆێستی پەستی رێی شەو پەرەستی
رێبواری هیوام به خوێنی شەفەق ئاسۆ تەڕ دەکەم
شەفەقیش بمرێ به تیغی شەوێ ناهومێد نابم
چون وەکو شەهید کراسی سووری خوێن لەبەر دەکەم

**مەهاباد**
**خەرمانانی ١٣٧٧ی هەتاوی**

**تێبینی کوردستان نێت:**
مەرج نیه ئەم نووسینه لەگەڵ بیر و بۆچونی نەتەوایەتیمان بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ه بەڵام بەهۆە بڕوابونمان به ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە.... لەگەڵ رێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم رێگایه ......... ئەم تێبینیه لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت.. ١٥-١-٢٠٠٣......